لە دەرەوەی کاتدا

شیروان خدر

کاتذمیرەکە لەسەر دیوارە شیدارەکەی ذوورەکەدا
حەسرەتی تروکانی ضاوەکانم دەنووسیتەوە!
ئەدریسەکەم:
ضەند وشەیەك لە شیعر دوورە
ضەند هەنطاویك لە هەست نزیکترە
ضەند مالیك لەوبەری مالی مانطەشەو دوورە.

کاتذمیرەکە لە قورطە نەخۆشەکەی سالدا
سەدای ئەو دەنطدانەوەیە خەمبارەم تۆمار دەکا!
ئەدریسەکەم:
مەودایەك لە تۆی دووری، دوور دەکەویتەوە
هیلانەیەك لە ناو تەلبەندەکانی رۆذهەلآت ضیدەکا
سیبەری قەرەجیك لە خۆیدا مارە دەکا!

کاتذمیرەکە لە ناو بەفردا میلەکانی ضلورە دەکەن
لەویدا طەرمبوونەوەی دلم لەزرەتی هەیە!
ئەدریسەکەم:
ناوی هیض ولآتیکی لەسەر نییە

باراني هیض کیشوەریك ماضی ناکات
لە لیواری هیض کەناریکیش شویني نییە!

کاتذمیرەکە رووی لە خۆر نشینە
بایەك طۆنام فینك دەکاتەوە!
ئەدریسەکەم:
جەستەیەکی رووتی ئەسمەرە
ضاوەکانی هاوینیکی فاوەیی کەنەفتن
دەستەکانی کەلەبضەیەکی دیلن
بۆ ئەدریسەکەی تۆی دەنیرم!

کاتذمیرەکە لە باوەشی بەیانییەکی سارد
میلەکانی بە مەمکە طەرمەکانی خاك طەرم دەکاتەوە
ئەدریسەکەم:
لە دەفتەری ئەو ولآتە ناونووس نییە
لە کۆلآنەکەی کە دەذیم ذمارەی نییە
لە سەر ئەو کاتذمیرە خەوتووەش
هەناسەیەك بۆ بیرکردنەوە هەلدەمذم!